# بەشێک لە قەسیدەی
# من سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

نالە حەسەن
(کەنەدا)

ئەی فریشتە پەڕوباڵ سپییەکەی عەشق
من ماندووم
وەرە دوورم خەرەوە
لە تۆزوغوبارە غەمگینەکانی غوربەت و
لە شەپۆلە شینەکانی شێتبوون و
لە خەیاڵە خواروخێچەکانی خۆکوشتن
دوورم خەرەوە دوور
لە تەلبەندە تاریک تاریکەکانی تەنیایی
بمگەڕێنەوە نێو ئاوێنە ئەوینییەکەی خۆت
با لەوێندەری
منداڵان لەگەڵ پێکەنین و
عاشقەکان لەگەڵ سەما و
مرۆڤەکان لەگەڵ میهر/ ئاشت کەینەوە
با مەوداکانی سەرەتا و کۆتاییەکانی خەون
لەیەکتری نزیک بکەینەوە
ژیان لەگەڵ ئازادی و ئازادی لەگەڵ ژیان
عەشق لەگەڵ شیعر و شیعر لەگەڵ عەشق
تەنیایی لەگەڵ ئومێد و ئومێد لەگەڵ تەنیایی/ ئاشت
کەینەوە
وەرە بمبە لەنێو ئاوێنە ئەوینییەکەی خۆت
بوونم بڕازێنەوە
بە ڕەنگە ڕووناکەکانی خۆت
بە هەستە هێشیدارییەکانی خۆت
بە سۆزە سەرمەدییەکانی خۆت
وەرە و بمبە
بارانە بەرائەتییەکانی خۆت
ببارێنە بەسەر جەستەی خۆڵەمێشیم
بێدارم کەرەوە/ لەنێو نائومێدییە نەرمەکانی نەبوون
بە ئەوینی نێو ئاوێنە ئەبەدییەکەی خۆت
بێدارم کەرەوە/ لەنێو خەیاڵە خرپنەکانی وەهم
بە ئاگرە ئیرۆسییە ئەزەلییەکانی خۆت
بێدارم کەرەوە/ لەنێو ئەشکەوتە تاریکەکانی مردن



دەوەرە دەی
من لەناو تامەزرۆیی تۆ و
تاسە گەرمەکانی نیشتیمانم
سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

٦

بە بێدەنگی
لەژێر میلی کاتژمێرەکانی تەمەن ڕاکشاوم
ڕۆژەکان و مانگەکان و ساڵەکانم
ڕەت دەبن
پاییزیش جارجارە
بە زەردەخەنەیەکی خەمناکەوە
بزەیەکم بۆ دەکات و دەڵێت
هاوڕێم دیسان وەرزێکی ترە و هیچی تر
چ ئافاتێکی بێهوودەیە
کاتێک عەشق دەلاقەیەکی پێ نەبێت
بۆ کتێبی خەونە سپییە ئێرۆسییەکانمان
ڕووبار سەمفۆنیایەکی پێ نەبێت
بۆ ئارامبوونەوەی ڕوحە بریندارە ماندووەکانمان
بەهار باخچەیەکی پێ نەبێت
بۆ ڕەنگە ناسکە نائومێدییەکانمان
لەولاوەش مانگی بەفرانبار
لە یاداشتنامەکانی خۆی دەنووسێت و دەڵێت
هاوڕێم تەنها ساڵێکی ترەو هیچی تر
چ ئافاتێکی ئاگرینە
کاتێک ژیان بوخچەیەکی پێ نەبێت
بۆ وردە ئومێدە پەمەییەکان
خۆرەتاو ئاراستەی تیشکەکانی خۆی
بەرووی شەوەکانی نیشتیمانی من بگۆڕێ
ئاسمان ڕووبەرێکی نەبێت
بۆ فڕینی پەپوولە ونبووە بێ شوناسەکان
کازیوەش لەنێو فرمێسکەکانی خۆی
مەسیجێک جێ بهێڵێ و بڵێت
هاوڕێم تەنها ڕۆژێکی ترەو هیچی تر
منیش/ لە کەناری ترۆپکی باکووری ئەم غەریبییەم
سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

٧

با بە پێخاوسی بەسەر وردە شووشەکانی عەشقدا
بڕۆین
با خوێنە ڕەشەکان
لە جەستەمان جیا ببنەوە
با بە پێخاوسی بەسەر بەفردا بڕۆین
تا لە خەونە گەرمەکانی خاک نزیک ببینەوە
با بە پێخاوسی بەنێو ئاگردا بڕۆین
تا پاک ببینەوە و
بگەڕێینەوە نێو ئاوێنە ئەوینییە ئەبەدییەکان
با لەنێو ئۆقیانووسی خەیاڵەکانمان
وێنەی بەهەشتێکی تر بکێشین
بەهەشتێک /
پڕبێت لە هەناسە
پڕبێت لە سەما
پڕ بێت لە ژیان
با قوفڵی دەورەی بازنەکانی
پرسیارەکان و نیگاکان و خەونەکان و
هاوارەکان و ئارەزووەکانمان / بکەینەوە
با خۆرەتاو لەنێو ماڵەکانمانەوە هەڵبێ
با شیلەی شەرم و نائومێدییەکان
تک تک بڕژێنە نێو تاریکی
تا وشکبوونەوە و ڕووتبوونەوەی ڕوح
با لەژێر نەرمە ڕێژنەی بارانی بەهارێکی تر
خۆمان تەڕ بکەینەوە
منیش/ لە چاوەڕوانی ئەم کەرنەڤاڵە ڕەنگینەدا
لە دووری دوورەوە
لە کەناری ترۆپکی باکووری غەریبی
لەنێو قووڵایی تەنیایی خۆم
دەرگا و پەنجەرەکانی
خەونە نەخشینەکانی
نێو / ئاوێنە ئەوینییەکانی ئەبەدیم
دەخەمە سەرگازەرەی پشت و
سییەکانیشم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە ...!

**تەمموزی ٢٠١٨**